# خۆکوژیی ژنان و چەند هۆکارێکی ئەم دیاردەیە



خۆ کوژی یەکێک لەو دیاردە وگرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە لەم سەر دەمەدا بوەتە ئاستەنگێک و پەیتا پەیتا کارەسات ورووداوی دڵتەزێن دەخولقێنێت وئاسەواری دزێو وناشیرین لە خۆی بە جێ دەهێڵێت.

سەر رە رای چوونە سەرەوەی ئاستی زانستی کۆمەڵگا وبەر ز بوونەوەی وشیاری چین وتوێژەکان بە کۆمەڵ وتەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگایش بەڵام ئەم دیاردە دزێوە لە کۆمەڵگا نە تەنیا بەر دەوامە بەڵکو لەباری رێژەوە روولە زیاد بوونیشە، رۆژ و حەفتەو مانگ نیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەواڵی دڵتەزێنی خۆ کوژی و خۆ سووتاندنی ژنانی بێ دەرەتان لە سوچ و قوژبنێکی ئەم وڵاتەوە بڵاو نەبێتەوە. راستە خۆ کوژی دیاردەیەکی نوێ نیە یان تایبەت بە کۆمەڵگایەکی تایبەت نیە بەڵکو دەکرێت بە هۆی هەندێک هۆکاری تایبەت لە کۆمەڵگایەک ئەم دیاردە زیاتر ولە شوێنێکی تری دونیادا کەمتر بێت کە ئەمانە هەموی هەڵدەگەرێتەوە بۆ هۆکارەکانی خۆ کوژی کە چەندە ئەو هۆکارانە لەو کۆمەڵگایەدا بوونیان هەیە.

لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتە دا باسم لە چەند هۆکارێکی ئەم دیاردەیە کرد و لەم بەشەیدا لە سەر چەند هۆکارێک کە خولقێنەر وپاڵپێوەنەری ژنان بەرەو خۆ کوژی دەدوێم.

### دەورو نەقشی فەرهەنگی کۆن بۆ هاندانی ژنان بەرەو خۆ کوژی

فەرهەنگ *کولتوور* وەک داب و نەریتێکی مێژویی وایە کە لەهەر کۆمەڵگایەک دا لە لایەن تاکی ئەو کۆمەڵگایەوە بەر دەوام وبەشێوەی رۆژانە رەچاو دەکرێت وبەرێوە دەچێت. دیارە کۆمەڵگای ئێمە بە هۆی نا سەر بەخۆ بوویی و ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی ژێر چەپۆکە بوە، بەشی هەرە زۆری کولتوری زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەماندا کولتوورێک بوە کە بە زۆر لە لایەن داگیر کەرانەوە بەر سەر ماندا سەپاوە، ئەم کولتوورە بە درێژایی مێژو چەند پاتە بوەتەوە و تا مێشکی ئێسقانی ناو کۆمەڵگاکەمان رۆیشتوە، بە داخەوە کولتووری زاڵی سەپاو بە سەر کۆمەڵگای کوردەواریدا کولتوورێکی کۆن و دواکەوتوی پیاو مەزنانەیە کە زاڵ بوونی پیاوان ولاواز بوونی ژنانی کردوەتە نەریتێک و لەو روەوە هەڵسووکەوت ومامەڵە لەگەڵ ژناندا کراوەو دەکرێت.

کولتووری پیاو مەزنانە کە لەمێژە باڵی رەشی بە سەر کۆمەڵگاکەماندا کێشاوە بە بێ ئەوەی ئاڵو گۆرێکی ئەوتۆی تێدا ئەنجام درابێت *یان لانی کەم ئاڵو گۆرەکان لە چاو پان وبەرینی کۆمەڵگای کوردستانەوە زۆر کەم رەنگ و نادیارن* لە لایەن بنە ماڵەو تاکی نیشتە جێ هێشتا بەرێوە دەچێت. لە پاڵ ئەم فەرهەنگە کۆنەی پیاو مەزنانەدا لە بەشێکی زۆر لە بنە ماڵە کاندا بیری وشکی چەق بەستوو لەمپەرێکی گەورەیە لە سەر رێگای رەوتی ئاڵ وگۆرەکان ولەو لاکەیش بەر بەگەشەو تەنانەت ئازادییە تاکەکانی ژنان وژیانیشیان دەگرێت وئەم بیرۆکەیە بوەتە ئامرازێکی گوشار لە سەر ژیانی ژناندا.

زۆر بە جوانی هەست پێ دەکرێت و زۆر فاکتەر هەن ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئەم بیرۆکە پیاو مەزنانە سەر چاوەیەکی ئاینی و مەزهەبییان هەیە و ئاوێتەی بیرێکی سەدەی ناوەراستییە، ئەم کولتوورە کە لە گەڵ یاسا ورێسا مەزهەبییەکان چنگیان تێکەڵ کردوە و هەر دوکیان ژنیان وەک نیوە بنیام وئامرازێک بۆ خۆشگوزەرانی پیاوان چاو لێکردوە هەمو بوارەکانی گەشەو ئازادیەکانی ژنانیان بەر تەسک کردۆتەوە.

ژنان ئیرادە وسەر بەستییەکیان لە خۆیان نیە، مافی هەڵبژاردن ولێک جیابوونەوەیان نیە، لە بەر دەم دادگا دا ۲ ژن وەک شایەدێک چاو لێ دەکرێت، ۲ خۆشک بەشە ئیرسی یەک برا وەر دەگرێت، پیاوان دەتوانن تا ٤ هاوسەر یان پێکەوە ببێت تەنیا بەو مەرجەی بتوانێت وڵامدەرەوەی نیازمەندیەکانیان بێت، ئەمانە هەموی ئەو شێوازەن لە چەوساندنەوە کە بە هۆی مەزهەبەوە بوونەتە یاساو تەنانەت کولتووریش کە بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگا ئەو یاسایانە رەچاو دەکەن وبەو پێیە لەگەڵ ژناندا مامەڵە دەکەن.

لە لایەن بنە ماڵەو تارادەیەکیش کۆمەڵگاوە کوران ئازادن بۆ هەر لایەک سەفەر بکەن وچی لەبەر کەن وچۆن بخۆن وچۆن بژین، کەی بێنەوە ماڵ وکەی برۆنە دەر، تاکەی درێژە بە خوێندن بدەن و شێوازی ژیانی خۆیان چۆن هەڵبژێرن وکێیان خۆش بوێت وقینیان لە کێ بێت، بەڵام ژنان لە هەمو ئەو ئەگەر ومەگەرانە بێ بەرین و تەنانەت بۆ ئەو هەندە کارەیش کە ئەنجامی دەدەن دەبێت ئەرێ و نەرێی پیاوی گەورە یان لە سەر بێت، حەز، قین، سەفەر، مانەوە لەماڵ، هەڵبژاردنی ژیان، جیابوونەوە، چۆن ژیان کردن، چۆن جل لەبەر کردن، تەنانەت چۆن خواردن وچی خواردنەکەیشیان و شێوازی ژیانیان هەموی لە لایەن پیاوانەوە دیاری دەکرێت جا ئێستە ئەو پیاوە رەنگە برا، باب، مێرد یان پیاوێک بێت کە خاوەنداریێتی لەو ژنەوە دەکات.

**کۆمەڵگاو کولتووری دواکەوتو وئایین** دەستیان تێکەڵ کردوەو تەنانەت لە کاتی ئەوەی کە ئەگەر ژنی چەوساوە لەم دونیایەدا نارازی نەبێت و ناشکوری نەکات ودەنگی سکالا هەڵنەبرێت و باش ئامۆژگارییەکانی ئەو سێ فاکتەرە بەرێوە بەرێت و وەک ژنی باش و خاوەن دین وموتەدەین بناسرێت، موژدەی ئەوەی دەدرێتێ کە پاش مردنی لەتەک ٦٩ ژنی بە د بەختی تر کە گۆیا ناویان حورییە و لە بەهەشتن دادەنرێن لە خزمەت پیاوێکی ساڵح و موئمنی روولە خوادا بن وکەرەسەی خۆش گوزەرانی و رابواردنی پیاوێک دابین بکەن.

هەر کات پیاو بیهەوێت ژنی تەڵاق دەدات، هەر کات بی هەوێت بە مارەو تەڵاقەوە دای دەخات، هەر کات بی هەوێت ژن بە سەریدا دەهێنێت، چۆنی ئارەزو بێت لەگەڵ ژن یان کچ یان دایک ویان خوشکی مامەڵە دەکات، ئەمانە فاکتەر گەلێکن کە هەستی ژن بە جۆرێک لە دەروونەوە زامدار دەکات کە سارێژ بوونەوەی بە ئاسانی نابێت.

ئەگەر پیاوێک چەند منداڵی هەبێت مادام منداڵەکان کچ بن خەڵکی بە چاوی رەحم وبەزەیی سەیری دەکەن و ئەو پیاوە وەک وەجاخ کوێر ناو لێ دەبەن، یاخوا برات نەمرێ، کورت نەمرێ، باوکت خۆش بێت، داماوتاقە کورە، ژنیان نەوتوەو قسە کردن،ژن نابێت لە کار و قسەی پیاواندا دەخاڵەت بکات و هەر وەها سووک سەیر کردنی کچان لە ماڵەوە وجیاوازی خستنە نێوان منداڵی کچ وکور، ......هتد ئەوانەیش و زۆر شتی تر لەو وشە ئازار دەرانەن کە راستەو خۆ سووکایەتی بە ژنان دەکات وبە داخەوە بوونەتە وێردی سەر زمانی خەڵک و ئەم کولتوورەیش وەک نەریتێکیان لێ هاتوە.

ئەم کولتورەی تێکەڵ بە ئایین ومەزهەب حاشا لەبوونی ژن وەک ئینسان دەکات ووانیشان دەدات کە ژنان تەنیا کەرەسەیەکن بۆ رابواردن وخزمەتی پیاوان ولە ماڵ بن و منداڵداری وئەرکی پاک وخاوێنی ماڵ بەرنە بەرەوە.

ئەم جۆرە لەفەرهەنگ وکولتوور لە دەروونی ژنێکی ئازادی خواز و ژنێک کە هەست بە ئینسان بوون دەکات دوودەنگییەک درووست دەکات، ژنی گیر کردو لە دووریانێکدا دەبێت یەکێک لەو رێگایانە هەڵبژێرێت، یان ئەوەی تەسلیمی خواستی دواکەوتوانەو کولتوری پیاو مەزنانە بێت، کە یانی مردنی وردە وردە ودەکرێت بوترێ زیندە بە گۆر قەبووڵ کردنە، یان ئەوەتە دەست بداتە مل ملانێ لەگەڵ ئەو شێوازە لە کولتوور ونەریتەکان، کاتێک دەست دەکات بە مل ملانێ دەبینێت تەنیا گوشار وزەختی زۆرتر لە سەر خۆی هەست پێ دەکات لەبەر ئەوەی خۆی بە تەنیا دەبینێتەوەو پاڵپشتێک بۆ خۆی شک نابات، لەو لاکەیش پیاوی خاوەن، بیرۆکەی کۆن، کولتووری پیاو مەزنی کە هەست دەکەن ئەوا خەریکن خاوەن دارێتی خۆیان لە دەست دەدەن، دەکەونە هەوڵ و پەلە قاژێی زۆرترەوە، ئەملای قەزیە کە پیاوی مێشک وشک وکولتووری کۆنە، لەبەر ئەوەی یاساو رێسایان لە پشتە لەبەرانبەر ژنێکی تەنیای زنجیر پسێندا دەوەستنەوەو بێشک بە هێزتریشن لەو ژنە کە دژی کۆنە پەرەستییە، لە ئاکامی ئەم منافسەو کێشمەکێشەدا ژنی بە لاشەو بە هێز بەزیو زۆرتر بەرەو دونیای ناهۆمێدی دەروات و ئاسۆی داهاتوی ژیانی بەرەشی دەبینێت و بە ناچار پەنا دە باتە بەر کردەوەی خۆ کوژی.

ژنێک کە هەست دەکات دەبێت، بخوێنێت، بگەرێت، لە رووی حەزی خۆیەوە ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، لەماڵ بێتە دەرو تێکەڵ بە کۆمەڵگابێت، لەگەڵ دونیایەک لە پەرژین وسیم وزنجیر رووبەروو دەبێتەوە کە توانای پساندنی ئەو هەموەی نییە، بۆیە لە دەروونەوە وردە وردە دەروخێت وخەمۆکییەکی بێدەنگ بە سەر دەروونی دا زاڵ دەبێت وئایەندە لە بەر چاوی رەش دەکات، بەڵام بەر دەوام لە فکری دەر باز بوونە لەو دۆخەی سەپاو بەسەریدا کە هەست دەکات لوتی لە بەر دی ئەلحەوی داوەو چیتر رێگایەکیان بۆ نەماوەتەوە، لەو حاڵەتەدایە دەست دەداتە خۆ کوژی وبۆ دەر باز بوون لەو گوشار وسووکایەتییە بەسەرییەویە کۆتایی هێنان بە ژیانی پێ گونجاو تر وممکین ترە.

کۆمەڵێک یاسای کۆنی بنە ماڵەیی کە راستەو خۆ لە لایەن گەورە پیاوانی ماڵەوە دەر دەچی دەبێت بە بریار بە سەر ژنانەوە و ژن ئەگەر لەو بریارانە سەر پێچی بکات تووشی گرفت دەبێت، رێز گرتنی زیاترلە کوران لە لایەن گەورەو خاوەن ماڵەکانەوە، سووک سەیر کردنی کچان، سنوور کێشان لەنێوان منداڵی کچ وکوردا وردە وردە کاریگەری مەنفی لە سەر دەروونی کچان وژنان دادەنێت کە لە کاتی درێژە پێدانی ئەو شێوازە زۆر جار کردەوەی ناشیرینی لێ دەکەوێتەوە. بونی کولتووری لەو چەشنە هۆکارێکە بۆ خولقاندنی کۆمەڵێک بریار ویاساو رێساو کولتووری دژە ژنی تریش، وەک بەر بەست دانان لە سەر رێگای خوێندنی کچان، لەمپەر دروست کردن لەبەرانبەر خۆشەویستییاندا، دیاری کردنی کات وچون ونەچوونە دەرەوەیان لە ماڵ و جیاوازی دانانیان لەگەڵ باقی ئەندامانی بنە ماڵە.

لەسەر یەک کۆبوونەوەی ئەم ئازارانە لە رەفتار لەگەڵ ژناندا برینێکی قوڵی دەروونی لە دەروونی ژنی چەوساوەدا دروست دەکات و تووشی خەمۆکی و نگەرانی مێشکی و رۆحی دەکات، لەو کاتەدا کە ئەو حاڵەتە لە دەروونی ژندا دروست بوو ولە هەمو هومێدەکانی ناهومێد بوو، لەهەمان کاتیشدا بەر دەوام بوونی ئازار وشکەنجەی رۆحی بە سەر خۆیەوە هەست پێدەکات، خۆ کوشتن بە رێگا چارەیەک دەزانێت وئەو هۆکارانە دەبنە هۆکارێک وپاڵپێوەنەرێک بۆ کێشانی ژن بەرەو خۆ کوژی.

سەر لێشێواوی کۆمەڵگاو، وزاڵبوونی ئەم کولتوورە و سوورانەولەم بازنەدایە مرۆڤ دەخاتە گێژاوێکەوە کە دەر باز بوون لەو گێژاوە بە ئاسانی نابێت، لە لایەکی تریشەوە هەوڵ نەدانی تاک و کۆمەڵگا بۆ سرینەوەی ئەو فەرهەنگانەی کە ژن وەک ئامراز وبن دەست و ناتەواو سەیر دەکات، مانەوەی کولتووری پیاو مەزنانە دەبێتە رێگر لە بەر دەم گەشە ی ژناندا و مانەوەی ژنان لە ناو خۆیاندا.

ژنان لە کوردستان بەر دەوام بوونەتە قوربانی داب ونەریتی کۆن و کولتوورێک کە پیاو بە بوونەوەرێکی باڵادەست وژنیش بە ناتەواو دەزانێت، بوونی ئاوەها فەرهەنگێکە کە هەڵگری ئازارێکی قورسە لە دەروونی ژنان دا وهەرەشەی مەرگیان لێ دەکات وبەرەو خۆ کوشتن ونەمان هانیان دەدات. ئەو هۆکارە کولتووریانەی کە بوونەتە هۆکارێک هەرەشەی مەرگ لە ژنان بکەن هۆکارگەلێکی مەترسی دارن بۆ سەر ژیانی ژنان بە تایبەتی وژیانی هەر مرۆڤێک و تەنانەت خودی کۆمەڵگایش بە گشتی، کۆمەڵگای کوردی دەبێت زیاتر لەوەی کە ئێستا بۆی تێ دەکۆشێت هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ سڕینەوەی ئەو فەرهەنگە کۆنانەی کە ئاکامی ئازاری ژنانی لێ دەکەوێتەوەو ئەنجامی کارەساتی خۆ کوژی ژنان دەخولقێنێت.

### دەسەڵاتی حاکم، هۆکارێکی گرینگە بۆ هاندانی خۆ کوژی ژنان

کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی دژە مرۆڤ لەماوەی دەیان ساڵ لە حاکمیەت و دەسەڵاتی خۆیدا بێجگە لە خەفەقان وشەلاق و سەنگسار وشکەنجەو زیندان و ئازار بۆ ژنان و بەر تەسک کردنەوەی زیاتری ئازادییەکان و خزاندنەوەی زیاتری ژنان بۆ کونجی ماڵ ومنداڵداری شتێکی تری بە دیاری نەهێناوە.

هۆکار گەلی ئازاری ژنان و دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئێران بە گشتی وکوردستان بە تایبەتی وراگرتنی فەرهەنگی پیاو مەزنیلەو کولتوورانەن کە کۆماری ئیسلامی بە فەرمی پشتگرییان لێ دەکات وشێوازی یاسایی بۆ دەتاشێت و بەبیانوی پاراستنی شەرع و دین ودیانەت پاساوێک بۆ هەمو جینایەت و دەست درێژیەکانی بۆ سەر مافی ژنان دەهێنێتەوە.

رژیم نە تەنیا هەوڵی نە داوە کە مەجالی گەشەو هەڵدانی ژنان لە بوارە جیا جیاکانی ژیان وەک خوێندن و زانست، بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری وهونەری و وەرزشی برەخسێنێت بەڵکو ئەو پەڕی کۆششی خۆی ئەنجام داوە بۆ بەر گرتن بە هەڵدانی ژنان لەو بوارانەدا، بە بیانوی پێشێل کردنی شەرعی ئیسلامەوە ژنانی لە زۆربەی مافەکانی خۆیان بەر تەسک کردۆتەوە.

ژنی ژان گرتو بە دەست ئازاری توندو تیژی ناو ماڵەوە، بە دەست ئازاری چزوی تەشەرو تانەی ناو کۆمەڵگایەوە کاتێک روو لە دەسەڵاتی حاکم دەکات بۆ ئەوەی سکاڵای خۆی بکات زیاتر کەرامەتی و باری کەسایەتی دەشکێنن و زیاتر توشی ناهومێدی دەکەرێت، رژیمێک کە خۆی پارێزەری دوا کەوتوییە دیارە هەوڵی خۆی دەدات کە هەر دەستیکیش بی هەوێت یاسای کۆن بسرێتەوە بی شکێنێت.

رەنگە بوونی دەسەڵات هەندێک جار وەک کونی رۆشناییەک وابێت بۆ بنیامێکی گیر کردو لە دونیای بێ دەرەتانیدا بەلام ئە وژنە بێ دەرەتانە کاتێک روو لەو دەسەڵاتە دەکات زیاتر هەست بە بێ دەرەتانی دەکات و هەنگاوێک زووتر چارە رەشی خۆی دەبینێت و ناهومێدتر دەبێت، بۆیە شکاندنی کەرامەتی ژنان و سووکایەتی کردنی یاسایی بە ژنان خۆی هاندەرێکی گەورەیە لەوەی کە ژنان زووتر بەو قەناعەتە بگەیەنێت بە خۆ کوشتن دەتوانێت خۆی لەو وەزعە دەرباز بکات.

لەم سەر دەمە دا کە جیهانی پیشەو تیکنۆلۆژیی وپێشکەوتوییە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ژنان یان لە ئەوپەڕی پێشکەوتوییدان یان بەرەو پێشکەوتوییەکی مەزن دەرۆن، کۆماری ئیسلامی سیاسەتی دژە ژنی گرتوەتە پێش و رۆژانە دڵی هەمو ئینسانێکی خاوەن ویژدان بە ئێعدامی ژنان، شەڵاق، سەنگسار، بەند کردن، وسووکایەتی پێکردن لە سەرشەقام وناو بێدادگاکانیدا ئازار دەدات، بە جیاتی ئەوەی ناوەندی زانست وپێشکەوتویی بۆ پەروەردەوبار هێنان دابنێت، بە جیاتی ئەوەی ناوەندێک بۆ پشتیوانی لەم چینە بێ دەسەڵاتە کە نیوەی کۆمەڵگا پێک دەهێنن درووست بکات، گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ئوتو بووسەکان، ساڵۆنی زەماوەند بۆ ژنان وپیاوان دا دەرێژێت، پۆلیسی زیاتر دەنێرێتەسەرشەقام بۆ گرتن وئازاری ژنان لە ژێر ناوی بەرێوە نەبردنی یاسا ئیسلامییەکان، دادگای سەر شەقام دروست دەکات بۆ ئەوەی بەخێرایەکی زیاتر حوکم بە سەر ژنانێکدا کە تاوان بارن بەوەی کە جلو بەرگ وقژیان بە پێی یاسا ئیسلامیەکان نە رازاوەتەوە دەر بەکن.

زراندنی ناو، شکاندنی کەرامەت وکەسایەتی ئینسانەکان، هەوڵدان بۆ خزاندنەوەی ژنان بەرەو ناو ماڵ، جیاکردنەوەی شوێنی ژنان و پیاوان لە زۆر شوێن وخوێندنگا و ماشین، نە تەنیا پشتیوانی نەکردن لە خواستی ژنان بەڵکو بە تاوان بار زانینی ژنان ........ وا لە ژن دەکەن کە لە کۆمەڵگادا بەتەواوی هەست بەتەنیایی بکات، لە ماڵ ئازار دەدرێت و دەکەوێتە بەر توندو تیژی، لە ناو کۆمەڵگا دەکەوێتە بەر ئازار وسووکایەتی تەشەرو و تانە، دەسەڵاتیش رەسمیەت دەدات بەو ئازارانەی کە بە سەر ژنانەوەیە ئەم هۆکارانە دەرەتان لەژن دەبەستێت و دەلاقەی رۆشنایی لێ دەتەنێت و بەو ئاکامەی دەگەیەنێت کە بۆ رزگار بوون لەو دۆخە پەنا بەرێتە بەر خۆ کوژی.

هەبوونی ئازار وتوندو تیژی لە سەر ژنان ومەترسی کوشتن گەلی جۆراو جۆریان بە ناوی ناموس پەرەستی لە لایەن بنە ماڵەکانەوە و بوغزاندن و تەشەرو تانە لە لایەن کۆمەڵگاوە، لەو لاکەیش دەوڵەتی دەسەڵات دار نە تەنیا گوێ بۆ ژنی ئازار دیتوو ناگرێت، نەتەنیا هەنگاو بۆ چارە سەر کردنی زامەکانی هەڵناگرێت و ناوەندێک بۆ پشتیوانی لە ژنان دانانێت بەڵکو بە نینۆکی میکرۆباویی سەدان ساڵەوە چنگ دەخاتە ناو زامی ژنی بریندار وزامەکەی زیاتر هەڵ دەکۆڵێت و زیاتر ئازاری دەدات و بە تاوانباری دەزانێت، لە وڵامی ژنێک کە تەنیا دەی هەوێت وەک بنیام بژی و وەک بنیام چاوی لێ بکرێت شەلاق گرتوو خانەو سووکایەتی و ئازار وتاوان بار کردن بەرێگاوەیە ئەم کەشو هەوایە زۆرتر حەڵقەی گەمارۆ لە سەر ژنان نە تەنیا زیاتر دەکەن بەڵکو رواڵەتی یاسایی پێ دەبەخشن، ئەم کەشو هەوایە ئەم زوڵم وبێ عەداڵەتیە لە سەر ژنان، ئەم بێ دەرەتانی وبێ پشتیوانیەی ژنان، ئەم بێکەسی وتەنیاییە ی ژنان نەخۆشی گەلی رۆحی و رەوانی دروست دەکات وژن دەخاتە حاڵەتێکەوە کە نەتوانێت باش بیر بکاتەوەو بیریشی وەک ژینی بەر تەسک دەبێتەوە و بۆ دەر باز بوونی لەو وەزع وکەشو هەوایە کە بە سەریدا سەپاوە هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ و زۆر جاران تەنیا رێگای خۆ کوشتن دەگرێتە بەرەو کۆتایی هێنان بەو وەزعە بە تەنیا رێگا دەزانێت لەو بارو دۆخە.



**ئیبراهیم کۆنە پۆشی**

*ئەم بابەتە درێژەی دەبێت

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com